## جوانا مەلاح بۆ گوڵان:

# جەماوەر هەمیشە شتی نوێی دەوێ



دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com



**جوانا مەلاح یەکێکە لەو گۆرانیبێژە لوبنانییەی کە دەمێکە دەستی بە گۆران گوتن کردووە و بەردەوامە، هەرچەندە جار بە جار هەست بەوە دەکرێ کە جۆرە ون بوونێکی پێوە دیارە، بەڵام بە بەرهەمێك یان گۆرانییەك جەماوەری دڵخۆشدەکات، لە پەیوەندییەکدا بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** چۆن هونەری گۆرانیت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە گۆرانی گوتن یەکێك بوو لە خولیا و ئارەزووەکانی من، بۆیە هەر لە کۆنەوە من گوێم لە گۆرانی هونەرمەندە نەمرەکان دەگرت و زۆربەی گۆرانییەکانم لەبەر دەکرد تا وای لێهات بیرم لەوە کردەوە پێویستە هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی بە تەواوی بچمە نێو جیهانی گۆرانییەوە ئیتر دەستم پێکرد.

*** هونەرمەندی سەرکەوتوو و سەرنەکەوتوو چۆن جیا دەکرێنەوە ؟**

- هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە کە جەماوەر هەست بکات شتێکی نوێی پێشکەش دەکات واتە هەمیشە کارەکانی لای جەماوەر زیندوون و گوێی لێدەگرێت، بە پێچەوانەوە گۆرانیبێژی سەرنەکەوتوو جا ئافرەت بێت یان پیاو بەلای من ئەو کەسە ئەوەیە کە لە کارێکدا سەردەکەوێت و پێی وایە ئیتر تەواو و تا کۆتایی خۆی بەسەرکەوتوو دەزانێت و لە کارەکانی داهاتوویدا خۆی ماندوو ناکات، بەڵام ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هونەریش وەکو هەموو شتەکانی دیکە بەردەوام لە گۆڕاندایە و جەماوەر هەمیشە شتی نوێی دەوێ .

*** ئەی لە کاتی دەرکەوتنیدا پێویستە هونەرمەند چۆن بێت؟**

- توانای هونەری و بەهرەی دەنگخۆشی، هەروەها چۆنیەتی ئەدا کردنی گۆرانی لەسەر تەختەی شانۆ مەرجە سەرەکین بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند بەتایبەتی ئافرەتان، لە لایەکی دیکەوە لە کاتی دەرکەوتن یان هاتنەسەر تەختەی شانۆ پێویستە دەنگی بەهێز بێت و بچێتە دڵی جەماوەرەوە و، جوانی و چۆنیەتی دەرکەوتن و مامەڵەکردن لەگەڵ جەماوەری ئامادە بوو دەبنە هۆی زیاتر لێیانەوە نزیك بێت.

*** ئایا جوانی دەتوانێت کەموکوڕییەکانی هونەرمەند بشارێتەوە؟**

- نەخێر ئەمە بە هیچ شێوەیەك راست نییە، چونکە بەڕای من جوانی راستەقینەی هەر مرۆڤێك لە رووخساریدا نییە بەڵکو جوانی ناخ و روحە و هەرچەندە ئافرەتی هونەرمەند جوان بێت ئەوا پێویستە خاوەن رەوشتێکی بەرز بێت و راستگۆ و وەفادار بێت بۆ جەماوەر، چەندین هونەرمەندی سەرکەوتووشمان بینیوە لە سەرتاسەری جیهان کە تەنیا بە پشت بەستن بە توانا هونەرییەکانی خۆیان خاوەن جەماوەرێکی زۆرن و هیچ کاتێك بیریان لەوە نەکردۆتەوە پشت بە جوانی یان روخسار ببەستن بۆ ئەوەی سەرکەون.

*** وەك ئافرەتێکی هونەرمەند توانیوتە شوێنی خۆت بکەیتەوە بەو شێوەیەی تۆ دەتەوێ؟**

- لەم سەردەمەی ئێستادا ئەرکی هونەرمەندی ئافرەت زۆر قورسە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستەی ئەو دەیەوێ و رێگای سەرکەوتن زۆر دوور و درێژ و زەحمەتە، چونکە ژمارەیەکی زۆر هونەرمەند پەیدا بوون کە تەنیا خەریکی خۆ نمایش کردن و خۆ رووت کردنەوەن و دەتوانین بڵێین

**ئەستەمە ئافرەتی هونەرمەند بگاتە ئەو ئاستەی دەیەوێ**

**هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە کە جەماوەر هەست بکات شتێکی نوێی پێشکەش دەکات واتە هەمیشە کارەکانی لای جەماوەر زیندوون و گوێی لێدەگرێت**



●●●
**تەقلیدی هیچ کەسێکم نەکردۆتەوە**
●●●

●●●
**هونەرمەند و کۆمپانیا هەردووکیان بەدوای شێوەی وادا دەگەڕێن کە بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن**
●●●



ئەوەی پێشکەشی دەکەن بە هونەر حیساب ناکرێت، هەرچەندە کەسانێکیش هەن گوێیان لێدەگرن، بەلام ئەو گوێگرتنەشیان تا سەر نابێت.

*** گرفتەکانی بەردەم هونەرمەندان بەڕای تۆ چین؟**

- هونەرمەند جا لە هەر شوێنێك بێت هەمیشە ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە لەوانە چۆنیەتی دۆزینەوەی شیعر و ئاوازی وا کە بتوانێت لە جەماوەر نزیکت بکاتەوە و تێیدا سەرکەوتوو بی، هەروەها مەسەلەی بلاوکردنەوە و کارکردنیش لەگەڵ کۆمپانیا هونەرییەکان بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمەکەت بەو شێوەیەی تۆ دەتەوێ ئەمەش کارێکی زەحمەتە، چونکە هونەرمەند و کۆمپانیا هەردووکیان بەدوای شێوەی وادا دەگەڕێن کە بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن، بۆیە زۆر جار گرفت لەم بوارەدا و بۆ ئەوەی هونەرمەند سەرکەوتوو بێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت پێویستە ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە ببێتەوە و خۆیانی بۆ ئامادە بکات، چونکە هونەر کارێکی ئاسان نییە وەك هەندێك کەس پێیان وایە .

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە گۆرانی هونەرمەندەکانی پێشە خۆت دووبارە بکەیتەوە؟**

- من زۆر گوێ لە گۆرانییەکانیان دەگرم، بەلاَم تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە گۆرانییەکانیان دووبارە بلێمەوە بەتایبەتی تۆمار کردنیان و بلاوکردنەوەیان لە سیدی، هەرچەندە هەندێك جار لە ئاهەنگەکاندا گۆرانییەکانیان دەڵێمەوە، بەلاَم تەنیا لە ئاهەنگەکان، چونکە هەرچۆنێك بیلێم وەك خۆی نایلێم لەوانەیە ئەو کات خەڵك گلەییشم لێبکەن و کاریگەری هەبێت بەسەر ناوبانگ و جەماوەریتی منیشەوە.

*** فۆلکلۆری لوبنانی دەوڵەمەندە تا چەند سوودت لێی وەرگرتوو؟**

- بێگومان هەر هونەرمەندێك ئەگەر دەستی بە کاری هونەری کرد پێویستە سوود لە هونەرمەندانی پێش خۆی وەربگرێت بە هەمان شێوە نابێ فۆلکلۆریش پشتگوێ بخات، چونکە ئەوانەی پێش ئێمەش گۆرانییان گوتووە بە هەمان شێوە بووە نابێ، ئەوەش لە یاد بکەین کە ئێمەی لوبنانی خاوەن فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندین.

*** پێت وایە چ هونەرێك ڕەسەنە؟**

- هونەری ڕەسەن وابەستە نییە بە هیچ کات و زەمانێکی دیاریکراوە، ئەگەر هونەرمەندێك دوای دە ساڵ یان ٥٠ ساڵی دیکەش کارێك پێشکەش بکات و بە زیندوویی لای جەماوەر بمێنێتەوە بەڕای من ئەمە کارێکی ڕەسەنە .

*** لە ڤیدیۆ کلیپەکاندا تەقلیدی کەس ناکەیتەوە؟**

نەخێر هیچ شێوەیەك تەقلیدی کەسم نەکردۆتەوە، چونکە هەر هونەرمەندێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە منیش شێوازی تایبەتی خۆم هەیە لە گۆرانی گوتن بەتایبەتی لە کاتی تۆمار کردنی کلیپ یان دەرکەوتن لەسەر تەختەی شانۆ، ڕەنگە ئەگەر جوولەکانی من و یەکێکی تر لە یەك بچن هەندێك کەس وا لێکی بدەنەوە من تەقلیدی کەسانی ترم کردبێتەوە، هەروەها هونەرمەند لە هەر کلیپێك بە شێوازێکی جیا دەردەکەوێت، هەندێك کلیپ پێویستیان بەوە سەمای تێدا بکرێت بە پێچەوانەوە هەندێکی پێویستییان بەوەیە هونەرمەند تێدا بگریت یان خەمبار دەرکەوێت.

*** ئارەزووکانت چین جگە لە گۆرانی گوتن؟**

- من گرنگییەگی زۆر بە وەرزش دەدەم، چونکە یەکێکە لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی ژیان بە تایبەتی بۆ هونەرمەند، ئەگەر کاتیشم هەبێت هەندێك کتێب دەخوێنمەوە و گوێ لە گۆرانیی هونەرمەندە گەورەکانی لوبنان و میسر دەگرم

*** ڕات چییە سەبارەت بە هونەری عێراقی و کوردی؟**

- هونەری گۆرانی گوتنی عێراقی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، هەروەها خاوەنی هەندێك هونەرمەند و موزیکژەنی زۆر بە توانایە کە ئێمە هەمووماں لە نیشتیمانی عەرەبی سوودمان لێیان وەرگرتووە و شانازییان پێوە دەکەین وەك کازم ئەلساهیرو ماجد ئەلموهەندیس و موهەند موحسن و چەندانی دیکە کە هونەرێکی جوان و ڕەسەن پێشکەش دەکەن.

*** هەوڵت نەداوە کار لەگەڵ کازم ئەلساهردا بکەی؟**

- کەس ناتوانێت نکۆڵی لە توانا و بەهرە هونەرییەکانی هونەرمەندێکی وەك کازم بکات، چونکە ئەو گەیشتۆتە ئەو

ئاستەی کە هەموو هونەرمەندێك ئاواتە خوازە بگات پێی، من دەتوانم بڵێم یەکێکە لە مامۆستاکانی هونەر، هیوادارم دەرفەتی ئەوەم بۆ بڕەخسێت بتوانم لە کارێکدا لەگەڵی بەشدار بم ئەمەش مایەی شانازییە بۆ من.

*** گۆرانی (علیك عینی) یەکێك بوو لە گۆرانییە هەرە سەرکەوتووەکانت دادەنرێ، ئایا راستە هۆکاری ناوبانگ دەرکردنی تۆ بوو؟**

- بەر لە گۆرانی (علیك عینی)یش من چەندی گۆرانیم گوتبوو و چەند کلیپێکیشم تۆمار و بڵاوکردبۆوە ئەوانیش بە هەمان شێوە بە دڵی جەماوەر بوون و پێشوازیی لێیان کرد، رەنگە هەندێکیان باشتریش بووبن، بەڵام رەنگە ستایلی من لەو گۆرانییەدا و شێوەی دەرکەوتنم جیاواز بووبێت، هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ئەو ڤیدیۆ کلیپەی بۆ ئەو گۆرانییە کرا رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە سەرکەوتن و بڵاوکردنەوەی لەم کلیپەدا دەرهێنەر مافی تەواوی گۆرانییەکەی دا لە هەموو بوارێکەوە، ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم ئەوە بوو گۆرانی و کلیپەکە لەکاتێکدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا کە چەندین بەرهەم و کلیپی باش و جوانی هونەرمەندانی دیکە لەو کاتەدا بڵاوکرابوونەوە.

***ئەی هیچ گۆڕانکاری لە کاروانی هونەری تۆدا دروستکرد؟**

- بێگومان رۆڵی هەبوو لە زیاتر ناساندنی من هەرچەندە من پێشتر چەند کلیپێکم تۆمار کردبوو و ئێستاش بە هەمان شێوە بەردەوامم.

*** هەندێك کەس دەڵێن تۆ پشتت بە سەرنجڕاکێشان بەست بوو لەو کلیپەدا؟**

-نەخێر ئەمە راست نییە، بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو پێشتر جەماوەر بەو شێوەیە منی نەبینی بوو، بۆیە پێیان وابوو ئەمە کارە نەدەبوایە بەم جۆرە بکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا شتەکان روون بوونەوە و بە سنگێکی فراوانەوە ئەمەی وەرگرت.

*** لە ژیانی ئاساییتدا مرۆڤێکی چۆنی؟**

- من مرۆڤێکی زۆر ئاسایی و راستگۆم لە دڵەوە کار دەکەم و رەخنەی هەر کەسێکم پێ قبوڵە ئەگەر بزانم لە بەرژەوەندی من لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، چونکە من عاشقی هونەری خۆمم و پێموایە بە رەخنەگرتن لایەنە خراپەکانی هونەر دووردەکەومەوە و ئەو رەخنانە دەبنە هۆی پێشخستنی هونەرەکەم بە دڵنیاییەوە دەڵێم مرۆڤ لە رەخنە شتی نوێ فێر دەبێت و کەموکورییەکانی دەست نیشان دەکات.

*** هەوڵت نەداوە بە شێوەزاری عێراقی یان بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێی؟**

- وەك پێشتر گوتم من زۆر حەز لە هونەرو شێوەزاری عێراقی دەکەم و ئەگەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێت و کارێکی هونەریم پێشکەش بکرێت بە شێوەزاری عێراقی و دڵنیابم لەوەی تێیدا سەرکەوتوو دەبم و بە دڵی جەماوەر دەبێت ئەوا بێگومان بێ دوو دڵی دەیڵێم، هەرچەندە شێوەزاری میسری بۆ من زۆر ئاسانترە ئەگەر بەراوردی بکەم لەگەڵ هی عێراقی بەتایبەتی لە بواری گۆرانی گوتندا، سەبارەت بە زمانی کوردیش پێموایە ئەمە کارێکی زەحمەتە بۆ کاتی ئێستا، چونکە جیاوازی زمان دەبێتە رێگر لەبەردەمم بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەوە من هیچ زانیارییەکم دەربارەی هونەری کوردی نییە و ئەگەر بە رێکەوت گوێم لە گۆرانییەکی کوردی بووبێت ئەگینا گوێم لێی نەبووە.

**دوا وتەت چییە ؟**

- هیوادارم ئاشتی و ئارامی لە سەرتاسەری جیهان بڵاوبێتەوە، هیوادارم بتوانم جارێکی دیمە سەردانی عێراق بکەم و دووبارە لە نزیکەوە بە دیداری جەماوەر شاد بمەوە، چونکە من بەر لە چەند ساڵێك جارێکی تریش سەردانی عێراقم کردبوو.

**هەر هونەرمەندێک ئەگەر دەستی بە کاری هونەری کرد پێویستە سوود لە هونەرمەندانی پێش خۆی وەربگرێت بە هەمان شێوە نابێ فۆلکلۆریش پشتگوێ بخات**

**ئایا جوانا مەلاح لە کلیپی (علیک عینی) پشتی بەسەرنجڕاکێشان بەست؟**





# خۆی بە ئەکتەری شانۆ دانانێت شانازیی بە (مەمی ئالان)ەوە دەکات

نزار سەلامی ئەکتەرێکی لاوە سەرەتا لە زنجیرە درامای مەمی ئالانەوە ناسرا و هەر ئەویش بووە هۆی دەرکەوتن و ناسینی لای جەماوەر دواتریش هەر لە ڕێ ئەو زنجیرەوە کە لە سەتەلایتی کوردستانەوە پێشکەش کرا بووە هۆی ئەوەی کە بەشداری لە چەند کارێکی دیکەدا بکات لەوانە فیلمی (ژانی گەل) لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** دەستپێکردنت بە مەمی ئالان بوو دواتر ڕووت لە سینەما کرد، جیاوازی نێوان سینەما و دراما چۆن دەبینیت؟**

- ئەگەر بمانەوێت باس لە جیاوازی سینەماو دراما بکەین بێگومان ناتوانین بە چەند دێرێك جیاوازییەکان بخەینە ڕوو، لە بەرئەوەی لە سینەمادا ئەکتەر زیاتر بە ئیمائە واتە ڕووخسار حاڵەتەکان بە بینەر دەگەیەنێت جا حاڵەتەکە خۆشی بێت یان ناخۆشی، بەڵام لە درامادا ئەکتەر زیاتر بە دیالۆگ حاڵەتەکان دەگەیەنێت.لە ڕووی بینینەوە بینەری سینەما جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ بینەری دراما لەبەرئەوەی لە کوردستان سینەما جارێ نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست تا خەڵکانێکی زۆر ڕوو لە سینەما بکەن فیلمی سینەمایی ببینن، ئەویش هۆکاری زۆرە لەوانە نەبوونی هۆڵی باش و فیلمی سینەمایی زۆر پرۆ فیشناڵ، بەڵام دراما لە ڕێی کەناڵە ناوخۆی و ئاسمانییەکانەوە دەچێتە هەموو ماڵێکەوە لە بەرئەوە بینەری زیاترە لە کوردستان، تەنانەت لە ڕووی ستافی کاکردنەوە جیاوازیان هەیە، من نامەوێت زیاتر بچمە درێژەی باسەکەوە، چونکە لەم ماوە کورتەدا ناتوانین هەموو جیاوازییەکان بخەینە ڕوو.

*** ناسر حەسەن و جەمیل ڕۆستەمی چ جیاوازییەکیان هەبوو لە ڕووی دەرهێنانەوە (بێ ڕەچاو کردنی تەمەن) کارکردن لەگەڵ کامیان بۆ تۆ ئاساناتر بوو؟**

- لە گەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەو دەرهێنەرانەی کە کارم لەگەڵدا کردوون،کارکردنم لەگەڵیان بۆ من خۆش بوو، من بە تەنها لەگەڵ ناسر حەسەن و جەمیل ڕۆستەمی کارم نەکردووە بەڵکو لەگەڵ چەند دەرهێنەرێکی تر کارم کردووە کە ئەوانیش ناسراون و کاری جوانیان هەیە بۆ نموونە زەهاوی سنجاوی و هونەر، سەلیم سەمیر، عەبدۆك، ئەرسەلان دەروێش، سەروەر محیەدین. هەموو ئەم کارانەش خاوەنی خەڵاتن لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان هیوادارم بینەر ئەم فیلمانە ببینێت، ئەگەر بێینە سەر جیاوازی لە نێوان ئەو دەرهێنەرانە هەر یەك لەوانە لە ڕووی کارکردنەوە بیرو بۆچوونی تایبەت و جیاوازییان هەیە، بۆ پرسیارەکەی تۆش ئەتوانم بڵێم کارکردن لەگەڵ ناسر حەسەن و جەمیل ڕۆستەمی بۆ من ئەزموونێکی باش بوو، چونکە ئەوان لە ڕووی دەرهێنانەوە سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە .

*** بڕیار بوو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش بکەی، پرۆژەکە چی لێهات؟**

- هەڵبەتە دەرکەوتنی من لە شاشەوە وەك ئەکتەر بوو، هونەر لای من بە هەموو شێوازەکانییەوە جوان و پیرۆزە، بەردەوام وا بیر ئەکەمەوە کە کاری جوان تر پێشکەش بکەم تاوەکو بتوانم خزمەتێکی زیاتر بە هونەر و میللەتەکەم بکەم، زۆر جار داوایان لێکردووم وەك پێشکەش کار بەرنامەیەکی هونەری بکەم، بەڵام تا ئێستا بڕیارم نەداوە ئەگەر بڕیامدا ئەوا دەبێت بەرنامەیەکی جوان بێت و جێگەی ڕەزامەندی بینەر بێت لەگەڵ بیروبۆچوونی خۆمدا بگونجێت نامەوێت کارێك بکەم کە لێی پەشیمان بم.

*** لە ڕووی دەرکەوتنەوە مەمی ئالان یان ژانی گەل کامەیان زیاتر تۆیان ناساند؟**

- لە بەرئەوەی درامـــای (مەمی ئالان) یەکەم کاری من بوو بینەر نزار سەلامی لە ڕێی ئەو دراماییەوە ناسی بۆیە هەمیشە شـــانازی پێوە دەکەم، ئەو دراماییە لە ســـاڵی (٢٠٠٣) لە ڕێی کەناڵی ئاســـمانی کوردســـتان تیڤی یەوە پێشکەش کرا، بەڵام (ژانی گـــەل) ئەزموونێکی گەورە و جوان بوو بۆ من، چونکە من زیاتر ئاشنایەتیم لەگەڵ سینەمادا هەبوو و تەجروبەیەکی زیاترم وەرگـــرت بۆ کاری داهاتـــووم هەرچەندە (ژانی گەل) یەکەم کاری ســـینەمایی من نەبوو، بەڵام دەتوانم بڵێم وەک خۆم زۆر ســـوودێکی باشـــم وەرگرت لە (ژانی گەل)، ئەوانەی ئەو فیلمەیان بینیبێت هەست دەکەن کە من هەوڵم داوە جیاواز بم لە کارەکانی پێشووم و پێویستە ئەکتەر هەر لەسەر ڕیتمێك نەڕوات دەبێت جیاواز بێت لە ڕووی نواندن و شـــێوازی هەڵسوکەوت و تەنانەت ڕیتمـــی دەنگەوە بۆیە وا دەڵێم، چونکە من تەجروبەم لە هەموو ئەو دەرهێنەرانەوە وەرگرتووە کە کارم لەگەڵ کردوون سوپاسیان ئەکەم و دڵنیام بۆتە هۆی پێشکەوتنم لە زۆر ڕووەوە، چونکە بەردەوام هەوڵ دەدەم لەسەر یەك شێواز کار نەکەم .

*** هەڵبژاردنـــت بـــۆ (ژانی گەل) بۆچـــی دەگەڕێتەوە، ئایا بەشداری کردنت لە مەمی ئالان کاریگەری هەبوو لەم ڕووەوە؟**

- لای هەمووان ئاشکرایە کاتێك کە دەرهێنەرێك دەیەوێت فیلمێك یان دراماییەك بەرهەم بهێنێت هەوڵ دەدات بە دوای کەســـێکدا بگەڕێـــت کە بگونجێت لەگەڵ کەســـایەتی ناو چیرۆکەکە یا سیناریۆکە ئەویش دیسانەوە ئەکەوێتە سەر بیرکردنەوەی دەرهێنەر کە چ ڕووخسارێکی بە دڵەو دەگونجێت بۆ ئەو ڕۆڵە.

دیـــارە من ئـــاگادار نەبووم کە پرۆژەیەکی لـــەم جۆرە هەبوو، چونکە من لە ســـلێمانی نەبووم، بەڵام دواتر لە ڕێگەی چەند برادەرێك منیان ئاگادار کـــردەوە کەوا کارێکی وا دەکرێت بۆیە ناردیـــان بە دوامدا تاوەکو دەرهێنەرەکە ببینم، من پێشـــتر کاك جەمیلم نە دەناســـی هەروەها ئەویش منی نە دەناســـی، بەڵام ناویم بیستبوو و کارێکیم بینیبوو و بە لای منەوە کارێکی زۆر جوان بوو، ئەوەبوو گەڕامەوە بۆ ســـلێمانی و کاك جەمیلم بینی و پێشـــم خۆشبوو کە کار بکەم لەگەڵیدا بە تەنها من نەبووم بۆ ئەوەی کە ڕۆڵ ببینم بەڵکو کەســـانی تریش هەبوو کە دەســـت نیشان کرا بوون بۆ ئەو کەسایەتییە،بەڵام دواتر من دەست نیشان کرام بۆ ئەو فیلمە زۆر بە خۆشحاڵییەوە پرۆژەی فیلمەکە کراو ســـەرکەوتووبوو ئەویش دوای ماندووبوونێکی زۆری دەرهێنەر و هەموو ســـتافی کارەکە و ئێوە و هەموو بینەرانیش ئاگادارن پێشوازییەکی باشی لێکراو جێگەی خۆشحاڵی بینەران بوو .

*** ســـاڵی پار دەنگۆی ئەوە هەبوو (ژانی گەل) پاڵێوراو دەبێت بۆ بەشـــداری کردن لە فیســـتیڤاڵێکی جیهانی وەك نوێنەری عێراق، وەك پاڵەوانی فیلمەکە دەکرێ هۆکارەکانی بەشـــداری نەکردنی چی بوون؟**

- بەڵـــێ بە دڵنیاییەوە (ژانی گەل) تا ئێســـتا بەشـــداری لە چەندیـــن فیســـتیڤاڵی نێودەوڵەتی کـــردووە چەندین خەڵاتی گەورەی بە دەست هێناوە لەوانە لەفیستیڤاڵی (موون دانس ) لە ئەمەریکا و فیســـتیڤاڵی (بۆستۆن) لە ئەمەریکا،و فیستیڤاڵی فەجر لە ئێران، هەروەها لە ئیتاڵیا . فیلمی ژانی گەل نوێنەری عێراق بوو بۆ ئۆسکاری ساڵی ٢٠٠٨.

* ئایا ســـەرکەوتنی تۆ لە مەمی ئالان بۆ شـــێوە و ڕوخسار دەگەڕێتەوە یان بۆ ئاست و ئەو توانا هونەرییەی نیشانت دا؟

-وەڵامی ئەم پرسیارە لای من نییە لای بینەرە .

*** بۆچی دەرکەوتنت لە شانۆ کەمە؟**

- بۆیە بەشـــداریم نەکردووە لە بەرئەوەی من ئەکتەری شانۆی نیم، و ئەکتەری تر هەن کە لە بواری شـــانۆدا کاری زۆر جوان پێشکەش دەکەن و جێ دەستیان دیارە. من زۆرتر حەزم لە ڕۆڵ بینینە لە دراماو سینەمادا.

*** ئەگـــەر داوات لێ بکرێ بەشـــداری لـــە کارێکی دیکەی هاوشێوەی مەمی ئالان بکەی رازی دەبی؟**

- بـــە دڵنیاییەوە نەك هەر هاوشـــێوەی مەمی ئالان بێت بەڵکو هـــەر کارێکی تر بێت کە خزمەتێکی جـــوان و باش بەهونەری میللەتەکەم بکات بە شانازییەوە بەشدار دەبم ئەگەر پێویست بە کەسایەتی وەك من بکات بە خۆشحاڵییەوە .

*** کار وپرۆژەی داهاتووت چییە؟**

- لەم کاتەدا هیچ پرۆژەیەکی هونەریم لە بەردەســـتدا نییە،ئیتر نازانم بۆ ڕۆژانی داهاتوو.



●●●
**(ژانی گەل) یەکەم کاری سینەمایی من نەبوو، بەڵام دەتوانم بڵێم وەک خۆم زۆر سوودێکی باشم وەرگرت**
●●●

# "خەڵکی زیاتر حەزیان لە جرت و چەقەنەیە

## هونەرمەند قادر مستەفا بۆ گوڵان :



زیاتر لە نیو سەدەیە هونەرمەند قادر مستەفا سەرقاڵی خزمەت کردنی لە دونیای هونەری کوردی و توانیوویەتی خزمەتێکی بە چاو بە هونەری نوواندن بکات، هونەرمەندی ناوبراو بە ڕەچەڵەك خەڵکی شاری سلێمانییە، بەڵام بە هۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەری میری بووە نیشتەجێی شاری هەڵەبجە بووە، لە ساڵی ١٩٤٤ لە هەڵەبجە لە دایك بووە . ئەم هەمیشە خۆشەویستی لای جەماوەری دراما و شانۆی کوردی بووە بەشداریشی لە کارە شانۆیی دراماییەکان لە بەرچاو بووە، ماوەیەك بەر لە ئیستا بەهۆی ئەوەی باری تەندروستی تێك دەچێت لە کارە هونەرییەکانی دادەبڕێت و دەست بەرداری هونەرەکەی دەبێت نەخۆشی راپێچی ناو پیخەفی نەخۆشخانەکانی دەکات، هەر بۆیە لە بەسەرکردنەوەیەکی گۆڤاری گوڵاندا بەچاکمان زانی لە باری تەندروستی بپرسین و ئەم دیدارەی لە سلێمانی لەگەڵدا ساز بکەین

**لە دەستپێکدا هونەرمەند قادرمستەفا بەم شێوەیە باس لە سەرەتاکانی ژیانی هونەری خۆی کرد و گوتی:** لە ساڵی (١٩٥٦) کاتێ قوتابی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی ئەیوبیە خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەنوەر تۆفیق بەسەر پۆلەکاندا دەگەڕا تاچەند کەسێك دیاری بکات لەو قوتابخانەیەدا بەمەبەستی ڕۆڵ بینینی لە شانۆگەریەکدا کاتی کە هاتە پۆلی ئێمە من ئامادە باشیم دەربڕی بۆ بەشداری کردن ئەو کاتە لە پۆلی سێی سەرەتای بووم و دوای تاقی کردنەوەکە پێی ڕاگەیاندم کە من دەتوانم ڕۆڵ ببینم، دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٥٩) کاتێك کاکم فەرمانبەری میری بوو لەقەرەداخ بەبۆنەی شۆڕشی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨)لەسەر یەکێك لە سەکۆکانی ناو قەرەداخ کارێکمان ئەنجام دا بەناوی (کۆتایی زۆردار ) من ئەو کاتە ڕۆڵی ئافرەتم لە شانۆکەدا بینی ئەمە سەرەتایەکی باش بوو بۆ من کە بتوانم لە ئایندەدا خزمەتی هونەری کوردی بکەم .

*** دوای پێشکەش کردنی یەکەم شانۆگەری کاتی گەڕایتەوە خانەوادەکەتان ڕایان چۆن بوو کە تۆ لە بواری هونەری نواندندا کاربکەیت و تاچەند ئەوان هانیان دایت لەو ڕووەوە؟**

- ئەو کات زنجیرە تەمسیلییەکان زۆر گرنگی نەبوون خەڵکی زۆر بایەخیان بە هونەر نەدەدا من کاتێ بەشداری ئەو کارانەشم کرد تەنانەت خانەوادەکەم ئاگادار نەبوو تاکو سەرزەنشتم بکەم.

●●●

**زیاتر لە دوو هەفتەش دەبێت لەماڵەوە لەسەر جێگە کەوتووم تا ئێستا کاکی دەرهێنەر (حوسێن میسری تەنانەت یەک تەلەفۆنیشی بۆ نەکردووم**

●●●

●●●

**کارە خراپەکانی درامای کوردی زۆر زیاترن**

●●●

**دیمانە : سۆران مارف کەریم**

*** ئەرشیفی هونەریتان گەیشتۆتە کوێ ؟**


- ئەرشـــیفی هونەری من و ئەتوانم بڵێم بەشدارییەکانی من لەم کارا نەبووە کە هیوادارم توانیبێتم مشتێ بخەمە سەر خەرمانی لە هونەری کوردیـــدا کارەکانیـــش بریتییە لە ( بەرەو خۆر، لەژێرتارای ســـورمە چنـــدان، خوازبێنی، هەڵەی دکتۆر، ژیـــان، زنجیرە درامای گوڵاڵە، بە هەشـــتی پەنابـــەران، گالیلۆ گالیی، حەســـەنە فەنی،جومعە، گەڵە بێرۆژەکان، نیشتیمان)دواین کاریشـــم شـــانۆگەری ( هارونە ڕەشـــید) بووە کە بەداخەوە دوای ســـێ ڕۆژ نمایش کردن وســـی مانگ پرۆ فە نەمتوانی درێژە بە کارەکە بدەم لەکاتی نمایشـــدا لە هۆش خۆم چووم ئەم شانۆگەرییە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند (حوسێن میســـری ) بووە، بەڵام جێی داخە دوای ئـــەوەی زیاتر لـــە هەفتەیـــەك من لە بەشـــی چاودێری ورد (انعاش) کەوتم لە نەخۆشخانەو زیاتر لە دوو هەفتەش دەبێـــت لەماڵەوە لەســـەر جێگە کەوتووم تا ئێستا کاکی دەرهێنەر (حوسێن میســـری تەنانەت یەك تەلەفۆنیشی بۆ نەکردووم، بەڵام ئەگەر خـــوا تەمەنم درێژ بکات هەر لە خزمەتی هونەردادەبم .

*** شـــانۆی جاران گرۆتینێکی باشی هەبوو ئێستا ئەو گرۆتینەی تارڕدەیەك کەم بۆتەوە تۆ هۆکاری ئەمەیان بۆچی لێك دەدەیتەوە ؟**

- ئێمـــە جـــاران ئەرکێکی زۆر قورس و گەورەمان لەســـەر شان بوو کە کێشەی نەتەوەکەمان بوو ئێســـتا توانیومانـــە تارڕادەیەکی باش کێشەی نەتەوایەتییەکەمان چارەسەر بکەین شانۆش ئەو کاتە تارڕادەیەك باش کاریگەری لەسەر شۆڕش و کێشـــەی نەتەوایەتی ئێمەی کـــورد هەبوو هەمیشـــە شانۆ لە ئاســـت وشیارکردنەوەی خەڵکـــدا ڕۆڵی خـــۆی هەبووە ئێســـتا بـــە هـــۆی زۆر بوونی کەناڵەکانـــی ڕاگەیاندن و هاتنە ئارای سەتەلایت و تەکنۆلۆژیای پێشـــکەوتوو خەڵکی زیاتـــر دەتوانن درامـــاو کارە هونەرییە کان لەو ڕێگەیەوە ببینن ئەمەش هەندێ جار کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر هۆڵی شـــانۆ، بەڵام ئێستاش دەقی چاك کاری باش گرنگییان هەیە و خەڵکی تامەزرۆی بینینی دەکات، من پێم وایە هەموو کاتی شانۆ گرنگـــی و تایبەتمەندی خۆی هەیە هەرچەند خەڵکی ئێســـتا زیاتر حەزیان لە جرت و چەقەنەیە، بۆ زیاتر کاراکردنی شـــانۆ پێویســـتمان بـــە دەقی باش و کاری چاك هەیە بۆ ئاشـــت کردنەوەی جەماوەری شـــانۆ بەداخەوە ئەو گەنجانەی ئێستا لە بواری هونەری نواندن کار دەکەن ئەوەندەی بیر لەکاری دراماو ســـینەما دەکەنەوە بیر لە شـــانۆ ناکەنەوە .







*** (تراژیدیـــاو کۆمیدیا ) دوو لایەنی سەرەکی ناو کارە هونەرییەکانی ئەمڕۆی کوردســـتانە تۆ پێت وایە ئێمەی کورد زیاتر پێویستمان بەکام لایەن هەیە؟**

- هەردووکیـــان گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە گرنگ ئەوەیە تۆ بتوانیت هەر لایەنێکیان باش بێت کاری لەســـەر بکەیـــت و دەقـــی جـــوان هەڵبژێرێت، کۆمیدیـــا یان تراژیدیـــا گرنگ نییە گرنـــگ ئەوەیە تـــۆ بتوابیت خزمەتی خەڵکی پـــێ بکەیت و بزانیت چ جۆرە هونەرێکیان دەوێ .

*** تا چەند بە ئەکادیمی بوون مەرجە بۆ زیاتر شارەزابوونی ئەکتەری سەرکەوتوو لەکاری نواندندا؟**

- بێگومان بـــە ئەکادیمی بوون مەرجە بـــۆ ســـەرکەوتنی هونەرمەنـــد، بەڵام دەبێت ئەوەشـــمان لە بەرچاو بێت کەوا توانای ســـەلیقەی هونەری و خولیای کەســـایەتیش بەشـــی ســـەرەکین لـــە ئەکتەری سەرکەوتوو، بۆ نمونە ساڵانە کە سانێکی زۆر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای هونەر بڕوانامە بەدەســـت دەهێنن کەچی ئەوانەی کەوا لەبوارەدا دەبینـــری ڕێژەیان زۆر کەمە کەسانێکی کەم سەرقاڵی بواری هونەری دەبن بۆنمونە من ســـێ کچم دەرچووی پەیمانگای هونـــەرە جوانەکانن کەچی دوو کچیانم ئەوەی نەچن بەلایدا هونەرە تەنها یەکیان ســـەرقاڵی کاری هونەری خۆیەتی .

*** ئاســـتی درامـــای کـــوردی چۆن دەبینی؟**

- کاری باشـــمان هەیـــە، بـــەڵام کارە خراپـــەکان زۆر زۆرترن لـــە بەر ئەوە تا ئیســـتا جەماوەر تێر نەبـــووە لە کاری دراما.

*** بۆئاینده پرۆژەتان چییە؟**

- ئەگەر لەش ساخ بم بەنیازم لەگەڵ مامۆستای گەورە هونەرمەند (ئەحمەد ســـالار) و هەنەرمەند ئەرســـەلان دەروێش بەشداری زنجیرە درامایـــەك بکـــەم کە ئەوانە وەك تیپی شـــانۆیی ســـالار کاری بۆ دەکەن.

خانەوادەکەم ئاگاداری ئەوە نەبوون بەشداری لە کاری هونەریدا دەکەم سەرزەنشتم بکەن

سێ کچم دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن کەچی دوو کچیانم ئەوەی نەچن بەلایدا هونەرە تەنها یەکیان سەرقاڵی کاری هونەری خۆیەتی